# ئۆڤێلیای من

کەریم دەشتی

١

دەبێ دڵمان بە تیری ڤیان کون کون کەین
پەنجەکانمان لەناو مەجاز داگیرسێنین
بۆوەی قەڵەم زمان بگرێ و سیمای سپی بچێتەوە
دەبێ ئیکارۆس بین بفڕین
لەگەڵ لافاودا هەڵبکەین
ئەلفابای جوانی فێربین
بۆوەی بگەین بە جەوهەری بوونی خۆمان
ئەبێ هەمیشە ڕابکەین

٢

تەوتەمی ئاسمانان هاملێتم پەشیمان، زەوینم خاپوورە
تەرمێکی زۆری تیا خەوتووە
مەلە کافوورییەکان بنێرە سێبەریان بۆ بکەن
بە نەغمەی حەزینی سینە بیانشۆنەوە
ئۆڤێلیا کە باسک و مەچەکی پردێ بوو
بۆ پەڕینەوەی نوور بۆ لای من
ئێستاکە شەپۆل قووتی داوە
سینەی پڕ ئەوینی لە هەتاوی تەنکی پووشپەڕا
سوور سوور هەڵگەڕاوە
قژی وەک ئەرخەوان لە ژێر تاڤگەی گومان سیس بووە
تەوتەمی ئاسمانان هاملێتم پەشیمان، مەهێڵە
لە ژێر پێی سپی ئاو ڕەش بێ بۆ ئەبەد نێتەوە

٣

بە تاتۆی فڕینی ئەبەدی وشەی ئاڵ
جەستەی من دەرزیژەن کراوە
بە مۆری ڕاکردن بۆ ڕستەی نەمری
دڵی من شیعرڕێژ کراوە
ئاگری ڕەنگەکان هەردوو باڵیان کردووم
پاپۆڕی توانینم لە دەریای بێ بنی نەمریی تاودەدا
چاوی دەریاوانیش شکاوە
نەتەمێ دیارەو نە نەورەس باڵی خۆی لێکدەدا

٤

من وردوخاشبوونێکی بێ هاوتام
حیکایەتە گەورەکانی مەسخی خۆم باس دەکەم
زەیتێکی سپیم لە تابلۆی جەنگ
باسی مەرگەساتی ژیان دەکەم



لە شیوەنی مەلێکی باڵشکاوەوە هاتووم
غەریبی  فڕین دەکەم
وەک تەوتەمێ لە تاشەی چیا
لە پەرستگای وەهمەوە هاتووم
باس لە حەقیقەتی خۆم دەکەم

٥
چوومە ناو پەیمانەی سپی فڕێیدام
ناتوانی  وەک شەراب مەزن بی
چوومەوە ناو کانیاوی سپی فڕێیدام
ناتوانی وەکو ئاو مەزن بی
چوومە دۆزەخی ڕەش فڕێیدام
گوناهبار بۆ هاتی؟
چوومەوە ناو بەهەشت فڕێیدام
بێگوناه بۆ هاتی

٦
ئەو شوێنانەی دڵی شیعریان لێ ڕژاوە
ئێستا بوونەتە کێڵگەی زەنگ
ئەو لانانەی مەلی شیعریان بەسەردا هەڵکوڕماوە
ئێستا بوونەتە کوانووی دەنگ
ئەو تابلۆیانەی کە شیعر دایڕشتوون
ئێستا بوونەتە باخچەی ڕەنگ

٧
شەوقێ هەمیشە دێتە ژوورەکەم
ئەچێتە ناو پێخەفەکەم، ئەچێتە ناو کتێبخانەکەم
وەک فریشتە بەسەر شان و ملمەوە دەنیشێ
بە پەنجەرە نوورانییەکەی ڕۆحمەوە خۆی هەڵدەواسێ
شەوقێ هەمیشە دێتە ژوورەکەم

٨
زۆربا تازە لە کانی خەڵووز مەست بوو بوو
باخۆس لە ناو بوتڵی شەراب وەک گێلاس
بەداری زەرفامی زەمان ئەترینگایەوە
هاوارم کرد کەی ئەگەینە پلەی نێرڤانا
لەوەڵامدا وەک ناقووس زرینگایەوە.

٩
کە نارنجی ڕۆحم بە ئاگری شەرابی سوور سووتا
سەدان وشەو ڕستەم هێنا
جریوەم لە قوڕگی مەل فڕاند
قەڵەمم لە کەمەری شێر دەرهێنا شیعر دانەگیرسا
کە هاتی حەرفی ناو کتێبی ئەم کەونە هەڵڕژا
شیعر وەک ڕێژنەی با بە ژیان هەڵپژا